# هەمووومان جەللادین ، هەمووشمان قوربانین

## ئیرۆن عومەر

تاوانی پلیشاندنەوەی کچێك بەو شێوەیەی کە ڕووی دا تاوانێك نیە کە بەتەنها کەسێك یان کۆمەڵە کەسێك ئەنجامیان دابێت و پێویست بکات ئێمە قسە لەسەر تاوانباری ئەوان بکەین و بەس ، بە تێڕوانینێکی ورد لە تاوانی ئەنجنینی ئەو کچە ئەگەر لە دەرەوەی کاریگەری دیمەنەکانیەوە و بەبێ تاسان بە بینینی جۆری کوشتنەکەی و بێ هەڵچوون و کاردانەوە لەبەرامبەر کردەیەکی وادا و بە خۆپاراستن لە قسە فڕێدان و بە بیرکردنەوەیەکی قوول لە ڕەهەندەکانی ئەو جۆرە کۆشتنانە و کات و شوێنی ڕوودانیان و دەستنیشان کردنی کاراکتەری ڕاستەقینە لەپشت جولانەوەی ئەو خواستە لە بێنرخ کردنی مرۆڤ و ناشیرین کردنی ڕەنگە تەفسیرێکی ڕاستتر و ڕوونترمان پێببێت بۆ گوتن .

بەر لە هەموو شتێك هەڵە دەکەین ئەگەر پێمان وابێت کوشتنی دوعا تەنها کوشتنی کچێکی ئێزیدی و بەدەستی ئێزیدیەکان و لە ناوچەی ئێزیدیەکان ڕووی داوە، دوعا نە کچێکی ئێزیدی و نە موسولمانە ، نە سروتخوێنێکی پەرستگاکانی مەلەکی تاووس و نە ئەندامی ڕێکخراوی خوشکانی ئیسلامییە، نەکچێکی خوێندەوار و نە ڕووناکبیر و نەچالاکوانێکی بنکەی ڕۆشنبیری لالش و نە شوێنکەوتەیەکی پاکیزەیی ڕابیعەی عەدەوییە ، دوعا هەڵگری هیچ شوناسێکی ئایینی و سیاسی و نەتەوەیی و ناوچەیی نیە ، ئەو تەنها مرۆڤێکە و لە زادگایەك هاتۆتە دنیا پڕە لە شتی جیاواز و ناکۆك و ئالۆز کە ئەو بە هۆی کەمی تەمەنی و بەندیخانەی ماڵ و ژن بوونیەوە هێشتا پێڕانەگەیشتووە هیچ کامیان بناسێت ، تاکە شتێك کە سەرەتای گرێدانەوەی دنیا بچووکەکەی ئەو بوو بە دنیایەکی گەورەتر ئەو پەیوەندیە بوو کە لەگەڵ کەسێکی تر دا هەیبوو لەدەرەوەی هەر شوناسێك و عورفێکی کۆمەڵایەتی . ئێزیدی بوون شوناسێکە کە بەزۆر بەسەر دوعا دا سەپێنراوە لەلایەن کۆمەڵەکەیەوە ، موسولمان بوونیشی درۆیەکی ترە کەسانێك بۆیان چنیوەتەوە بۆ ئەوەی وەك هەر بەهانەیەکی تر و وەك عادەتی هەمیشەییان بەمەستی ناشیرین کردنی ناموسولمانەکان بەکاری بێنن. ئەگەر دوعا فەرمانگەلی ئێزیدی قبول بوایە پەیوەندی لەگەڵ کەسێکی نا ئێزیدی نەدەگرت ، ئەگەر موسوڵمانیش بوایە لە دەرەوەی پەیوەندی ڕێپێدراو لەگەڵ کوڕێك نەدەچووە ژوانەوە، هیچ یەکێك لەو ئاینانە ئەو ئازادیانەیان تێدا نیە بەتایبەتی بۆ ژنان تا سەربەست بن لە ڕەفتار و بڕیاردا .

کوشتنی دوعا ڕووداوێکە لە نێو سنووری ئەو ولاتە ڕووی داوە کە ئێمە تێیدا دەژین و هەموومان تێیدا ڕۆلمان هەیە لەوەی لە ژیانی ئەوانی تردا ڕوو دەدات ، کوشتنی دوعا یەکێك لەو هەزاران کوشتنانەیە کە لە هەموو شوێنێکی ئەو ولاتە بەبێ جیاوازی لەبەرامبەر ژناندا ئەنجام دەدرێت ، لە بێنرخ کردنی ژنان دا هیچ ئاینێك و هیچ کۆمەڵە مرۆیەکی ئەو ولاتە جیاوازیان نیە لەگەڵ ئەوانی تردا . ئێزیدیەکانیش وەك هەموو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی تر هەڵگری هەمان تەرزی بیرکردنەوەن لەبەرامبەر ژنان دا. هێرش و پەلامار بۆ سەر ئێزیدیەکان چی بەگوتار چی بە ڕەفتار چی بەو هۆیەوە بێت یان هەر هۆیەکی تر تاوانێکە هەمان شێوەی تاوانی کوشتنی دوعا، ئەوە بە تەنیا ئێزیدیەکان نین هەڵگری ئەو نەریتانە بن لە مرۆڤ کوژی ، ئەوە ئێمەش و ئەوانیش و ئەوانی تریشن ، لێدانی خەراپیەکان لێدانی جەستەی مرۆڤەکان نیە ، لێدانی خەراپیەکان لێدانی کۆی نەریتە بۆگەنەکانی کۆمەڵگایە بە پێکهاتە جیاوازە مەزهەبی و ئەتنیەکانیەوە.

بێ گومانم لەوەی ئەو پاڵنەرانەی لە پشتی کوشتنی ئەو کچەوەن دوورن لە هەستی نەتەوەیی و سیاسی ، یان وەك دەڵێن دەستی لەپشتەوە بێت ، چونکە هەموو دانیشتوانی ئەو شوێنە پێشینەیەکی ئەوتۆیان نیە لە کێشەگەلێکی گەورە کە هەلقولاوی جیاوازی نەتەوەیی و سیاسی بن . ڕاست و ڕەوان دەبێ ئاماژەی پێ بکەین کە کاراکتەری ڕاستەقینە لەم ڕووداوەدا ئەو باکگراوەندەیە لە ئایینەکان کە کۆمەڵە ڕیشسپیەکی نوورانی لە پشتیانەوە و هەزاران کەس لەوانەی هەڵگری ئایدیا و ترادسیۆنەکانین و نغرۆی پەیوەندیە خێلەکیە دواکەوتوەکانن لە پێشیانەوەن ، ئەو باکگراوەندەیە کە چەندین سەدەیە نەگۆڕاوە و ئێستەش وێڕای هەموو دەرکەوتە نوێیەکان نایەوێت بگۆڕێت ، ئەو باکگراوەندەیە کە دوعا و بکوژانی جارێك دەکاتە جەللاد و جارێکیش دەیانکاتە قوربانی ، دوعا وەك ئەندامێکی نێو ئەو کۆمەڵە بەجێماوە بەشێکە لە کەلتورێکی جەللاد ، کە بەدڵنیاییەوە ئەگەر قوربانیەکە خودی خۆی نەبوایە ئەویش یەکێك دەبوو لەو ئافرەتانەی لەسەر بانی ماڵەکانەوە سەیری دیمەنەکەی دەکرد ، بەڵام کە ڕێکەوت وای هێناوە ئەمیان دەبێتە قارەمانی سەر شانۆ و عەشق وەك بەشێکی خەسلەتە مرۆییەکان دێت و ڕۆڵی جەللادی لەو کچە دەسەنێتەوە و ڕۆڵی قوربانی پێ دەبەخشێت، لێرەدایە کە جارێکی تر (دوعا) لە تراژیدیای قوربانی بوونی خۆیدا پاڵەوانێك درووست دەکاتەوە بەڵام پاڵەوانێکی جیاواز ، پاڵەوانێك بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە و

کوشتنی ئەو باککراوەندە ئایینی و خێلەکیە کە هیچ سنوورێکی نییە لە بێ بەزەیی‌دا و هیچ کەنالێکی نییە بۆ پەیوەندی گرتن لەگەڵ هەستە مرۆییەکان ، دوعا دەبێتە پاڵەوانێك تا ئێمە لەڕێیەوە کار لەسەر کوشتنی جەللادە ڕاستەقینەکە بکەین کە لەپشت ئەو میگەلە مرۆڤەوە وەستاوە و ئاڕاستەیان دەکات ، دوعا دێت لەگەڵ ئێمە بەرەیەك دروست دەکات و لەڕێگای ئێمەوە ئەو ئاڕاستانە تێك دەشکێنێت و دەبێتە سەنگەر شکێن و پاڵەوانی ڕیسواکردنی ئەو هێزە دەست بەخوێن و بلوك وەشێنە . بکوژانی دوعا ئەو جەللادانەن کە دەکوژن بەڵام فێرنەکراون بۆچی دەکوژن ، ناکرێ ئەوان وەك کاراکتەری ڕاستەقینەی کوشتنی دوعا بناسین ، ئەو هێزە ڕۆحانیەی دیزایینی وێنەکانی ناو زاکیرەی ئەوانی کردووە و وەك لەشکرێك لە جەللادەکانی دەیانهێنێتە مەیدانەوە و یاریان پێ دەکات ، هەمان ئەو هێزە لە ڕاستیدا ئەوانیشی هەمان شێوەی دوعا کردووە بە بەشێك لە قوربانیەکانی ، بە بێبەش کردنیان لە هەستی مرۆڤانە و داماڵینیان لە خەسڵەتە مرۆڤایەتیەکان و بەرهەمهێنانەوەیان وەك کائینێکی ترسناك و هەڕەشەکار و فڕێی داونەتە دەرەوەی ژیان، مانەوەی ئەو کائینانە وەك خۆی لەمانەوەی ئەو پیرۆزیە دایە کە لە زاکیرەی ئەوان و هەر یەکێك لە ئێمە ئاخنراوە ، هەمیشە مرۆڤی باوەڕدار بە پیرۆزیەکان مرۆڤێکی ترسناکە چونکە ڕەخنەگرتن یاخود لێدانی پیرۆزیەکان ئەو لە مرۆڤێکی ئاساییەوە دەکاتە مرۆڤێکی جەللاد و وایلێدەکات بە خوێن نەبێت تێنوێتی نەشکێت . ئەوەی لەبەرامبەر دوعا دا کرا شتێك نیە تەنها لە نێو ئەو پێکهاتە ئایینیە کە ئێزیدیەکانن ڕوویدابێت و هاوشێوەی نەبێت لای ئێمە و ئەوانی تر ، بەڵکو نەریتە ڕزیوەکانی ئایینەکانی تریش بە ئایینی ئێمەشەوە لە ئەنجامدانی ئەو جۆرە کردەوانەدا مەگەر لەمان خەراپتر نەبن باشتر نین، کە باسی شوێن و کاتی ڕووداوەکە دەکەم من دڵنیام ئەو کردەوەیە پەرچەکردارێکی ڕاستەوخۆی ئەو ڕووداوە بوو کە بەر لە ئێستا لە شێخان ڕوویدا ، مادام ئافرەتێکی موسولمان لەسەر پەیوەندی بەکوڕێکی ئێزیدیەوە بکوژرێت و هێرش بکرێتە سەر ئێزیدیەکان و ماڵ و موڵکیان بسوتێنرێت ، دەبێت کچی ئێزیدیش لەسەر پەیوەندی بە کوڕێکی موسولمانەوە بکوژرێت و بەشێوازێکی وەحشیگەری و بە کۆمەڵیش ، جا مەرج نیە ئەمە بە بڕیار و نەخشە و پیلان بێت بەڵکو خودی ئایدیا و نەریتە ئایینی و خێلەکیەکان وەك هێزێکی شاراوە لەپشتی ئەو کارانە دەوەستنەوە ئەگەرچی کاری عەفەویش بن ، ئەگینا لای هەمووان ئاشکرایە کە کوشتنی کچێك بە ناوی ناموسپارێزیەوە تەنها لە لایەن بنەماڵەی خۆیەوە ئەنجام دەدرێت نەك لەلایەن تەواوی خەڵکی شارۆچکەیەك . ڕووداوێکی نزیك لەم شێوەیەش لەماوەی ساڵانی ڕابردوو لە نێوان موسولمان و مەسیحیەکانی شەقڵاوە ڕووی دا کە هەموومان لە بیرمانە و لە وێشدا هەمان شێوازیی دڕەندەیی لە کوشتن دا پیادە کرا بەڵام لەوێدا قوربانیەکان پیاو بوون نەك ژن.

کوشتنی دوعا دەچێتە خانەی ئەو کوشتنانەی بەشێوەی شانۆگەری نمایش دەکرێن ، ئەو کوشتنانەی خەڵکیان بۆ کۆدەکرێتەوە و بە بەرچاوی خەڵکێکی زۆر و بینەرێکی زۆر ئەنجام دەدرێن ، تا دەرهێنەر و کاراکتەرەکانی چێژی زیاتری لێ وەرگرن و دڵخۆشتر بن ، بینەرانیشی ترساوتر و بە ئیلتیزامتر بن . ئەو شانۆگەریانە شتێکی تازە نین و بەقەد مێژووی ئەو وڵاتە مێژوویان هەیە ، ئەو دەقانەی لە و شانۆگەریانە نمایش دەکرێن هەندێك جار ئایین و هەندێك جار سیاسەت و هەندێك جار نەتەوەپەرستین. لە هەرکوێ‌دا ئەو شانۆگەریانە نمایش بکرێن لەوێدا ئازادیەکان غائیبن ، بیرکردنەوە وەستاوە و هەناسەکان سانسۆر کراون.

تاوانباری ڕاستەقینە لە کوشتنی دوعا دا هێزگەلێکن لە نورانیەکان و واهیمە و سپێکتەرەکانی پشت بیرکردنەوەی کەسەکان ، نەریتپارێزی و فەندەمێنتالیزمی ئێزیدی و مەسیحی و ئیسلامین ، ناکرێت چەند کەسێك لە ئەنجامدەرانی ئەو کردەیە بە یاسا سزا بدرێن و پێمان وابێت سنوورێك دادەنێنین بۆ دووبارە نەبوونەوەی ئەو ڕووداوانە، لە کاتێکدا ئەو هێزانە وەکو خۆیان بمێنن ، جێبەجێکردنی یاسا بەوەی کە کردەی کوشتن کردەیەکی ماددی‌یەو تاوانە و تاوانیش لە لایەن کەسێك یان چەند کەسێکی دیاریکراوەوە ئەنجام دەدرێت و لە ڕووی یاساییەوە دەبێت سزای بۆ دانرێت تا ئاستێك گرنگە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەقێکی یاسایی نیە بۆ سزادانی شتە مۆڕاڵی و ئەبستراکتیەکان یان دادگایی کردنیان ، کاراکتەری ڕاستەقینەی تاوان کە ئایین و خێڵن بێ سزا دەمێننەوە ، سزای ڕاستەقینە بۆ ئەو بەربەریزمە بەرهەمهێنانی نەوەیەکە کە چیتر بەدوای ڕێنماییەکانی باوکی دا ناڕوات ، نەوەیەکی یاخی و بێ باوەڕ بە پیرۆزیەکان و بنەچە پارێزی ، نەك تەنها لە نێو ئێزیدیەکان بەڵکو لە نێو هەموو پێکهاتە دواکەوتووەکانی تر بە ئێمەشەوە ، بێجگە لەمە هیچ سزایەکی تر نیە بکەرانی ئەو تاوانانە چاوترسێن بکات.